# ئەمریکا و هەڵەبجە و ئەنفال:
# دواندنی ویژدانی بیماری ئەمریکا

بەختیار کەریم



وێنەی سەمانسا پاوەر، ئەو ژنە مەزنەی ویژدانی بیماری ئەمریکای هەژاند.

**پێویستە لەگەڵ هەموو گەلانی شارستانییدا سوێندێکی ڕاستەقینە بخۆین، کە هەرگیز جارێکی تر جیهان بێدەنگ نابێت و بێ پەرچەکردار ڕاناوەستێت لەبەرامبەر جینۆسایدا. جیمی کارتەر** 1979

**هاوشێوەی تۆ (واتا جیمی کارتەر) منیش بەدەنگی بەرز دەڵێم هەرگیز جارێکی تر بێدەنگ نابین. ڕۆناڵد ڕیگان** 1984

**وەک سەربازێکی جەنگی ڤێتنام، وەک ئەمریکیەک و ئێستاش وەک سەرۆکی ئەمریکا، دەڵێم هەرگیز بێدەنگیی دووبارەناکەینەوە. جۆرج بۆشی باوک** 1991

**ئەگەر کوشتارەکانی هۆڵۆکۆست فێری شتێکیان کردبین، ئەوە باجی گرانی بێدەنگیی و کردار نەکردنە لەبەرامبەر جینۆسایددا. بیڵ کلینتون** 1995

ئەو گووتانەی چوار سەرۆکی جیاوازی ئەمریکیی، جگە لە پرۆپاگەندەی کۆمەڵێک پیاوی ویژدان بیمار، جگە لە فووکردن بە هەوادا هیچی دیکە نین. چونکە هەمان ئەم سەرۆکانە بوون کە لەبەرامبەر جینۆسایددا بێدەنگ مان، ئەگەرچی دەیانتوانی جینۆساید ڕابگرن بەڵام بڕیاریاندا هیچ نەکەن. لەهەموو شتێک سەیرتر ئەوەیە کە ئەمریکا تا ساڵی 1986 (جاڕنامەی گەردوونی بۆ بەرگرتن بە جینۆسایدی ساڵی 1948)ی ئیمزانەکرد، واتا پاش نزیک بە چل ساڵ ئەوجا ئەمریکا ئەو ڕێکەتنامەیەی ئیمزاکرد. بەڵام پاش ئیمزاکردنیشی، بێدەنگیی ئەمریکا لەبەرامبەر جینۆسایددا درێژەی کێشا، چونکە ساڵی 1988 ساڵی کیمابارانی هەڵەبجە و شاڵاوەکانی ئەنفال بوو، بەڵام ئەمریکا لە ئامێزگرتنی سەدامی پێ باشتربوو لە پاراستنی کورد لە جینۆساید. ئەو ڕۆژانە ئەمریکییەکان دەیانگووت، کوردەکان خۆیان بەرپرسیارن لەوەی تووشیان بووە، چونکە خیانەتییان لە وڵاتەکەیان کردوە و پاڵپشتی ئێران دەکەن لە جەنگی عێراق-ئێراندا. تا ئەم ساتەوەختەش بێدەنگیی و بێپەروایی ئەمریکا لەبەرامبەر جینۆساید شتێکی حاشاهەڵنەگرە، ئەوە بۆسنیا، ڕواندا و ئەوەش دارفور کە تا ئێستاش کوشتن و لاقەکردن درێژەی هەیە.

پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەمریکادا، پەیوەندییەکی نادیپلۆماسی نێوان باوک و منداڵە، زیاتر وەک لە پەیوەندییەک کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش فەرمانڕەوایی بکات. بێگومان هەڵەیە ئەگەر بڵێین هیچ بەرژەوەندییەکی هاوبەش لەنێوان کورد و ئەمریکادا نییە، بەڵکو زیاتر مەبەست نەبوونی کۆمەڵێک پێوەر و ڕێسایە کە چۆنێتیی و سنوورەکانی کارکردنی ئەو پەیوەندییە هاوبەشانە دیاری بکەن. سەرکردەکانی کورد، ڕەوا یان ناڕەوا، شانازیی بە هاوپەیمانیی خۆیانەوە لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن، بەڵام ئەم هاوپەیمانییە بێ گرفت نییە، هاوکات دەشێت دەرئەنجامەکانی بەو شێوە نەبن کە سەرانی کورد دەیخوازن.

ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامانی ئێمەیە، شکستخواردنمانە لە دواندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ ویژدانی بیماری ئەمریکادا، لە پەیوەند بە دۆزی ئەنفال و هەڵەبجە. ئێمە تا ئێستاش بەو ڕاستییانە ئاشنانین، یان ئەگەر پێشیان ئاشنابین چاویان لێدەپۆشین، کە بەشداری ناڕاستەوخۆی ئەمریکا لەو تاوانانەدا پیشان دەدات. ئەو ڕاستییانەی دەیسەلمێنن کە ئەو ڕۆژانەی عێراق کوردی ئەنفال و کیمابارانی دەکرد، ئەمریکا نەک بەتەنها چاوی لەو تاوانانە دەپۆشی، بەڵکو یارمەتییە داراییەکانی زیاد دەکرد بۆ عێراق (لێرەدا جەغت لەوە دەکەینەوە کە ئەوە عێراق و دەوڵەتی عێراق بوو کە ئەنفالی کردین، نەک سەدام وەک هەندێک گەمژە دەخوازن بڕوامان پێبهێنن). ئەمڕۆ لە ئەمریکا لەنێو سیاسییەکان و ئەکادەمیستەکانی ئەو وڵاتەدا، کۆدەنگییەک هەیە کە ئەمریکا ویژدانێکی بیماری هەیە کە باس هاتە سەر کورد و هەندێک لەو نەتەوانەی دیکە کە تووشی جینۆساید بوونەتەوە. بەڵام ئێمە هیچ سوودێکمان لەو هەستکردن بە گوناه و ویژدانە بیمارەی ئەمریکا وەرنەگرتوە و نەمانکردۆتە یەکێک لە فاکتەرەکانی پەیوەندییمان لەگەڵ ئەمریکادا. هەر کاتێکیش ویژدانی بیماری خۆرئاوا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشێک نەبوو لە جینۆسایدێکی دیاریکراو، ئەوا لەبیرچوونەوە و نەناسینی کارێکی ئەستەم نییە. ئەوەی تا ئەم ساتەوەختەش جینۆسایدی ئەرمەنەکانی بە زیندوویی هێشتۆتەوە، سەرکەوتنی ئەرمەنەکانە لە دواندنی ویژدانی بیماری ئەمریکا و ئەوروپا، ئەوەش کە جولەکەکان هەمیشە جەغتی لێدەکەنەوە، درەنگ بەدەنگهاتنی بریتانیا و ئەمریکایە بۆ وەستاندنی جینۆسایدی ئەوان. هەرگیز پەیوەندیی دۆستانەی جولەکە و دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ خۆرئاوادا، نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم جولەکەکاندا کە بەردەوام بن لە کولاندنەوەی ئەو ویژدانە بیمارەی خۆرئاوا، بەڵکو هەمیشە یادی خۆرئاواییەکانی دەهێننەوە کە ئەگەر لەترسی بەرژەوەندییەکانی خۆیان نەبوایە شەڕیان لەدژی ئەڵمانیای نازی ڕانەدەگەیاند. هاوکات ئەمریکا بەردەوام هەوڵ دەدات کە خۆی وەک پارێزەر و فریادڕەسی جولەکە نمایش بکات، بەڵام ئێجگار کەمن ئەو جولەکانەی کە ئامادەن لە خۆرئاوا خۆش بن و ئەو مێژووە هاوبەشەی خۆرئاواییەکان لەیاد بکەن کە هۆلۆکۆستی بەرهەمهێنا. کەواتە دەکرێت پەیوەندییەکی دۆستانەمان لەگەڵ ئەمریکادا هەبێت، هاوکاتیش بەردەوام یادی ئەمریکا و خۆرئاواییەکان بهێنینەوە کە نە لێتانخۆش دەبین و نە چاوپۆشی و بەشداریی ناڕاستەوخۆتان لە ئەنفال و هەڵەبجەدا لەبیر دەکەین. کولاندنەوەی بەردەوامی ئەم ویژدانە بیمارەی ئەمریکا و خۆرئاوا، جگە لەوەی بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیی و مێژووییە بەرامبەر بە قوربانییەکانی ئەو جینۆسایدانە، دەروازەیەکیشە بۆ دەستەبرکردنی پاڵپشتیی ئەمریکا و خۆرئاوا کاتێک لە عێراقی بەناو نوێدا دەکەوینەوە بەردەم هەڕەشەی جینۆسایدێکی دیکە.

یەکێک لەو کتێبانەی کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ڕای گشتیی ئەمریکی دەربارەی جینۆساید، کتێبەکەی سەمانسا پاوەر (Samantha Power)ە، بەناونیشانی (گرفتێک لە دۆزەخەوە: ئەمریکا و سەردەمی جینۆساید). ئەم خانمە کە مامۆستای یاسا و سیاسەتی دەرەوەیە لە زانکۆی هارڤەرد، چاپتەرێکی کتێبەکەی بۆ جینۆسایدی کورد تەرخان کردوە. ئەوەی گرنگە لەو بەشەی کتێبەکەی پاوەر، قسەکردن نییە لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال وەک دۆزی جینۆسایدیی، بەڵکو قسەکردنییەتی لەسەر ئەمریکا و ئەو دوو تاوانە جینۆسایدییە. ئەمریکا وەک پاوەر پێمان دەڵێت، لە ساتەوەختی یەکەم کیمابارانی کورد و لەگەڵ یەکەم شاڵاوی ئەنفالدا، ئاگاداربوو کە لە عێراق چی دەگوزەرێت، بەڵام پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا زۆر لە کورد بەنرختربوون، بۆیە کەس لە بەڕێوەبەرێتی ڕێگان و پاشان بوشی باوکدا ئامادە نەبوو هەوڵی وەستاندنی ئەو جینۆسایدە بدات. لەڕاستییدا ئەم کتێبەی پاوەر یەکێکە لە شاکارەکانی سەدەی بیستویەک، کە ئاوڕێکی تووڕە و ڕەخنەگرانە لە سەدەی جیۆساید دەداتەوە، واتا سەدەی بیستەم. کتێبەکەی پاوەر زیاتر لە 600 لاپەڕە و چواردە بەش پێکهاتوە، یەکێکیش لە بەشە گرنگەکانی، پاش چەند بەشێک لەسەر هۆلۆکۆست، دەربارەی ئەنفال و هەڵەبجەیە. لەبەر گرنگی ئەم کتێبە بەگشتی و ئەو بەشە بەتایبەتیی، وەرگێڕانی پێداویستییەکە بۆ ئێمەی کورد، لەبەرئەوە هیوادارین کات مەودا بدات تا لانیکەم ئەو بەشە وەربگێڕین.

بێگومان زۆربەی ئەو ڕاستییانەی سەمانسا پاوەر پشتیان پێدەبەستێت، لای ئێمە شاراوەنین. هەموومان دەزانین کە ئەمریکا چاوی لە تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق دەپۆشی لە دژی کورد، هەموومان دەزانین کە ئەمریکا تا ئەو ڕۆژەش کە عێراق کوەیتی داگیرکرد، دۆستێکی باش و پاڵپشتێکی گرنگی ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق بوو. واتا هەموومان بەو ڕاستییانە ئاشناین، کە بەڕێوەبەرێتییە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمریکا عێراقیان بە هاوپەیمانێکی ئابووری گرنگ دەزانی، لەڕاستییدا هاوپەیمانێکی ئەوەندە گرنگ کە چاویان لە هەموو تاوانەکانی جەنگ و جینۆسایدەکانی ئەو دەوڵەتە دەپۆشی. بەڵام ئەوەی نایزانین، یان خۆمانی لێ گێل دەکەین، ئەو ڕاستییە کە ئەمریکا لەبەر خاتری کوردان عێراقی داگیرنەکرد وەک هەندێک پێمان دەڵێن، بەڵکو دیسان لەبەر بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی بوو. هەرکاتێکیش مانەوەی ئەمریکا لە عێراق بووە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەو بەرژەوەندییە تایبەتییانە، ئەوا ئەمریکا بێ سێ و دوو کوردان دەکاتەوە بە نێچیری فڕۆکەکانی دەوڵەتی عێراق کە خۆی پێی دەفرۆشێت. ئەوەی مەبەستمانە پشتبەستنی کوێرانە بە ئەمریکا هەڵەیەکی کوشندەیە، هاوکات هاوپەیمانێتیی لەگەڵ ئەمریکادا بەمەرجی لەیادکردنی ئەو مێژووە ڕەشەی ئێمە بە ئەمریکاوە دەبەستێتەوە جگە لە گێلیی و بێباکیی هیچی دیکە نییە. تەنها لەبەرئەوەی ئەمریکا لە تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆیە، ناکرێت ئێمە خیانەت لە قوربانییەکانی ئەو تاوانانە و ئایندەی پاشماوەکانیان بکەین. بەڵکو پێویستە لە هەموو کات و شوێنێکدا یادی ئەمریکا بهێنینەوە کە خاوەنی چ ویژدانێکی بیمارە، تا ئەم یادهێنانەوە بەردەوامە ببێتە هاندانێک بۆ ئەمریکا تا ڕێگە لە جینۆسایدی داهاتوو بگرێت چ لە کوردستان لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە یان هەرکام لە داگیرکەرانی دیکەی وڵاتەکەمان، یان لە هەر شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە سیخناخ بە نادادییە. ئەمە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە، چونکە تا ئەو ساتەی ئێمە لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنینەوە، هەڕەشەی جینۆساید بەشێک دەبێت لە ژیانمان. وەک چۆن لە سەردەمی ئەنفالەکاندا، ئەمریکای هاوپەیمانی سەرانی کورد، دەیگووت کوردەکان خۆیان خۆڵیان کردوە بەسەری خۆیاندا، چونکە خیانەتییان لە نیشتمانەکەیان کردوە، هاوشێوەش لە ئایندەدا، کوشتنی کورد لە شاڵاوی جینۆسایددا بۆ ئەمریکا و خۆرئاوا، جگە لە سزادانی خیانەتکاران هیچ ڕاڤەیەکی دیکە هەڵناگرێت و بەدەنگهاتن پێداویستی نابێت. چۆن جینۆساید مەترسییەک نەبێت لەسەر ژیانمان لە عێراقدا، لە کاتێکدا هەموو کوردێکی باشور بەواتای وشە بەرامبەر بە عێراق خائینە، خۆ ئەگەر بەرامبەر بە عێراق خائین نەبێت ئەوا بەرامبەر بە کورد خائینە.

تێبینی:

هەموو ئەو گووتانەی سەرۆکە جیاوازەکانی ئەمریکا لە پێشەکی کتێبەکەی سەمانسا پاوەر وەرگیراون، بڕوانە لاپەڕە XXI

بۆ بینینی کتێبە بەنرخەکەی سەمانسا پاوەر بڕوانە:

Power, Samantha, (2003), A Problem from Hell: America and the Age of Genocide, London: Flamingo.

2006/07/10
ئۆسکفۆرد-ئینگلاند

مافی کۆپیکردنی ئەم بەرهەمە پارێزراوە @ www.dengekan.com